# Sagor för barn på svenska

berattelser.se

## جاشك

Skriven av: Lindiwe Matshikiza
Illustrerad av: Meghan Judge
Översatt av: Agri Afshin

Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på månge språk som talas i Sverige.

Detta verk är licensierat under en Creative Commons
Erkännande 4.0 Internasjonal Lisens.
https://creativecommons.org/licenses/by/4.0/deed.sv

# جاشك



Lindiwe Matshikiza
Meghan Judge
Agri Afshin
kurdiska (sorani)
nivå 3



بۆ یەکەم جار کچێکی بچووك بوو کە لە دوورەوە
تارمایەکی گوماناوی بینی.



کاتێك کەم، کەم تارمایەکە نزیك بۆوە، ئەو بینی کە ژنێکی دووگیانە.



به شەرمەوە، بەڵام ئازایانە کچە بچوکەکە لە ژنەکە نزیك بۆوە. ئەوانەی کە لەگەڵ کچە بچوکەکە بوون بریاریاندا: “ئێمە دەبێ ئەو لێرە لە لای خۆمان بهێڵینەوە. ئێمە دەبێ خۆی و منداڵەکەی بپارێزین.”





جاشکەکە و دایکی بەیەکەوە گەورە بوون و پێکەوە ڕێگای زۆری جۆراوجۆریان بۆ ژیان دیتەوە. وردە، وردە، بنەماڵەی دیکەش هاتن و لە دەوروبەری ئەوان نیشتەجێ بوون.



منداڵەکە کاتی لەدایکبوونی بوو. “پاڵی پێوە نێ!” “چارۆکە بێنە!” “ئاوا!” “پاڵی پێوە نێ!”





گوێدرێژەکە دایکی دیتەوە کە تەنیا بوو، و پەرۆشی لەدەستدانی منداڵەکەی بوو. بۆ ماوەیەکی زۆر چاویان لە یەکتری بڕی. پاشان زۆر بە گەرمی ئامێزیان بە یەکتریدا کرد.



کاتێ ئەوان منداڵەکەیان بینی، هەموویان بە سەرسامییەوە کشانەوە. ”گوێدرێژێك؟“





گوێدرێژەکە سەرئەنجام تێگەییشت کە دەبێ چی بکات.



هەموویان دەستیان کرد بە دەمەقاڵێ کردن. هەندێکیان گوتیان: "ئێمە گوتمان دەبێ پارێزگاری لە دایک و منداڵەکە بکەین، دەبێ ئەو کارەش بکەین"، بەڵام هەندێکیشیان گوتیان: "ئەمانە نەهامەتی دێنن!"





هەورەکان دیارنەمابوون، هەروەها هاوڕێکەشی، پیرە پیاوکە.



بەم جۆرە بوو کە ژنەکە دووبارە بێکەس مایەوە. ئەو نەیدەزانی کە دەبێ چی لەم منداڵە سەیرە بکات. ئەو نەیدەزانی ئەی خۆی دەبێ چی بکات.





لە سەرەوە و لەناو هەورەکان خەویان لێکەوت.
گوێدرێژەکە خەوی بە دایکییەوە بینی کە نەخۆشە و بانگی دەکات. لەو کاتەدا ئەو لە خەو هەستا...



بەڵام لە کۆتاییدا دانی بەوەدانا کە ئەو منداڵە، منداڵی خۆیەتی و ئەویش دایکییەتی.





بەرەبەیانیەک پیاوە پیرەکە داوای لە کەرەکە کرد کە بە سواری بیبات بۆ سەر لوتکەی چیایەك.



ئەگەر قەبارەی منداڵەکە هەر ئەوەندە چکۆلە مابایەوە، لەوانەیە هەموو شتێك جیاواز بووبا. بەڵام جاشکەکە هەتا دەهات گەورەو گەورەتر دەبوو تا وای لێهات بە کۆڵی دایکی هەڵنەدەگیرا. لەگەڵ ئەوەی زۆر بە سەختی هەوڵی دەدا، بەڵام نەیتوانی وەکوو مرۆڤێك ڕەفتار بکات. دایکی زۆرجار شەکەت و ماندوو دەبوو بەدەستییەوە. هەندێ جار ناچاری دەکرد جۆرە کارێك بکات کە کاری ئاژەڵان بوو.





گوێدرێژکە ڕۆیشت تا لەگەڵ پیرە پیاوەکە بژی، ئەو زۆر ڕێگەی جیاوازی بۆ ژیان کردن فێر کرد. گوێدرێژەکە گوێڕایەڵی کرد و فێر بوو، پیرە پیاوەکەش هەر وای کرد. ئەوان یارمەتی یەکتریان دهدا و پێکەوەش پێدەکەنین.



گێژبوون و توڕەیی لەناو ناخی گوێدرێژەکەدا دروست ببوو. ئەو نەیدەتوانی ئەم کارە بکات و ئەو نەیدەتوانی ئەو کارە بکات. ئەو نەیدەتوانی وەك ئەم بێت و ئەو نەیدەتوانی وەك ئەو بێت. ئەو ئەوەندە تووڕە بوو تا ئەوەی کە ڕۆژێك بە لوشکەیەك دایکی بە زەوی دادا. :





گوێدرێژەکە کە لە خەو هەستا، پیاوێکی پیری بینی کە لەسەر سەری چاوی تێوەبڕیوە. ئەو تەماشای چاوەکانی پیرەمێردەکەی کرد و هەستی بە تروسکەیەکی هیوا کرد.



گوێدرێژەکە شەرمەزار بوو. ئەو هەڵات و هەتا توانی بە خێرای دوور کەوتەوە.





کاتێك ئەو لە غاردان ڕاوەستا، شەو داهاتبوو، و گوێدرێژەکە ڕێی ون کرد بوو. ئەو لە تاریکایی دا دەیزەڕاند: “هی ها!” و دەنگی دەدایەوە. ئەو تەنیا بوو. ئەو خۆی وەك تۆپێك گلۆلە کرد و چووە ناو خەوێکی قووڵ و ناخۆشەوە.